# یاریزانی شەترەنج کارین کەمال: لە پاڵەوانێتیی جیهانیدا

**کارین کەمال لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری دهۆکە و یەکێکە لە کچە یاریزانە بەناوبانگەکانی یاریی شەترەنج لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق و خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییەکاندا هەروەها ژمارەیەك میدالیای جۆراو جۆری بەدەست هێناوە و بەیەکێك لە باشترین کچە وەرزشوانی عێراق و کوردستان هەژماردەکرێت، چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی باشی لێ دەکرێت و ناوبراو یاریزانی یانەی گارەی شاری دهۆك و هەڵبژاردەی عێراقە ناوبراو لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***ئاستی یاریی شەترەنج لە کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

- زۆر بەرەو پێش چووە بەڵام لە ئاستی کچاندا هێشتا ماویەتی، هەر چەندە یانەکانیش تیپی کچانیان هەیە وهەندێکیان ئەنجامیشیان باشە.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش بچێت؟**

-کردنەوەی پاڵەوانێتیی بەردەوام بۆ یاریزانان باشترین هۆکارە کە ئاستی یاریزانانی پێ بەرز بێتەوە، کردنەوەی کەمپی مەشق لە دەرەوە بۆ ئەوەی یاریزان زیاتر حەزی بچێتە یارییەکە.

***کێشەو گرفتەکان چین لە یانەی گارە کە ڕووبەڕووتان دەبنەوە ؟**

- بە تەئیکد زۆربەی یانەکان کێشەیان هەیە، ئێمەش کێشەمان هەیە وەکو نەبوونی هۆڵی مەشق و یاری کردن لە یانەکەی خۆمان، لەهەموو پاڵەوانێتییەکاندا ئێمە بەقورسی بەشداری دەکەین بەهۆی نەبوونی توانایەکی باشی دارایی .

***لە زۆر لە یانەکانی عێراق و کوردستان داوا کراویت، چۆن بوو یانەی گارەت جێنەهێشتووە؟**

-بۆمن شاری دهۆك باشترە لە شارێکی دیکە وتاکە یانەیەکیشە لە شارەکەماندا، بۆیە هەر لەم یانەیە بەردەوام دەبم.

*** دەڵێن یانەکانی عێراق بەردەوام داوات لێ دەکەن بچیتە ریزەکانیانەوە، ئەم قسانە تاچەند ڕاستە ؟**

- بەڵێ چەندین گرێبەستم پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانەوە، بەڵام من ڕەتم کردۆتەوە .

***لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق خاوەنی چەند میدالیایت ؟**

-مـن لە ئاستەکانی تەمەن یاری دەکەم، بەشداریی چەندین پاڵەوانییەتیم کردووە، ئەنجامی باشم هەبووە لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری پاڵەوانێتیی جیهانم کرد،پلەی سێیەمم بەدەستهێنا.

***خانەوادەکەت هاوکاریت دەکەن؟**

- بەڵێ بەردەوام هاوکارمانن لە گشت لایەکەوە بە تایبەتی باوکم کە خۆشی یاریی شەترەنج ئەنجام دەدات هەروەها خوشکەکانیشم.

***پەیامت چیە بۆئەو کچانەی کە وەرزش ناکەن؟**

-بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بێنە نێو وەرزش، چونکە وەرزشی شەترەنج جیایە لەگەڵ وەرزشەکانی دیکە، باشترین یارییە بۆ کچان.

## یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان شەمام سەمەد:

# خۆزگە لە سلێمانیش یاریگایەکی شایستەم هەبوایە



**شەمام یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی عێراق لەو یاریزانە کوردانەی کە توانیویەتی بەهۆی خێراییەکەی جێپەنجەی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق دیار بکات،ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦ ی شاری کەرکوکەو خاوەن چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، بۆ یانەکانی سیروانی نوێ وکەمال سەلیم یاریکردووە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.**

***چۆن بوو دنیای یاریی گۆڕەپان ومەیدانت هەڵبژارد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من هەر لە منداڵییەوە خولیای ڕاکردنم هەبوو، زۆریشم حەز لەم یارییە بوو بۆیە توانیم هیوایەکەم بهێنمە دی.

*** لە ئێستادا ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان لە کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

-دەتوانم بڵێم لە ئێستادا گرنگییەکی تایبەت بە یاریی گۆڕەپان ومەیدان دەدرێت لەسەر ئاستی کوردستان بەتایبەتی لەلایەن یەکێتیی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپییەوە، گرنگیی باشیش بە یانەکان دەدرێت لەسەر ئاستی کوردستاندا چەندین یاریگاش کراوەتەوە.

*** ئەی ئەم یارییە لە سلێمانی لە چ ئاستێکدایە ؟**

# ــــــــدا پلەی سێیەمم بەدەستهێنا



***حەزدەکەیت یاریی شەترەنج بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە لە قوتابخانەکاندا؟**

- بەتەئکیــد ئەوە هیوای منە زۆریــش حەز دەکەم بچێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە، بۆئەوەی ســوودی گشتی هەبێت بۆیاریزانان .

*** لە یاری شــەترنجدا بە چ یاریزانێك زۆر سەرسامیت ؟**

- بە یاریزانانی وڵاتی روسیا زۆر سەرســامم وحەز دەکەم ئاستم وەکو ئەوان بێت.

***داواکاری وپێشــنیازت بۆلایەنی بەرپرس چییە؟**

-هیوادارم گرنگیی تایبەت بە یاریی شــەترنج بدرێت، یاریی شــەترنج لە گشت شارەکانی کوردستان زیاتر پەرەی پێبدرێت و بگاتە لوتکەی وەرزشی عێراق.

***کارگێرانی یانەکەتان چــۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-بە شێوەیەکی زۆر باش هاوکارمانن لە گشت لایەکەوە.

***بەرنامەت بۆداهاتو چییە ؟**

-بەنیــازم بــەردەوام لە بەرەو پێشــچووندابم، بەرنامەیەکــی توکمە بۆخــۆم دابنێم بۆئەوەی پەرە بە ئاســت و توانــای خۆم بدەم لە پاڵەوانیتیەکانی داهاتووشــدا ئەنجامێکی دڵخۆشــکەر بەدەست بهێنیم.

***ئەگەر لــە کۆتاییدا شــتێکت مابێت؟**

-ســوپاس بۆئێوە ئەرکتان کێشا، بەردەوام هاوکاریی وەرزشــکاران بکەن لە گشت شارەکانی کوردستان بەهیوای ئەوەم ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرز بێتەوە.

# ــــــــتەی گۆڕەپان و مەیدانمان هەبووایە

- لە شــاری ســلێمانی چەندین کچە یاریزانی بەتوانــا لە یانەکەمــان و شــارەکەمان هەن، کە پاشــەرۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، سلێمانی هەمیشــە شــارێکی پڕ یاریزانی بەتوانا بووە لە یاریی گۆڕەپان ومەیدان.

*** کەمــی کردنەوەی پاڵەوانێتیی کێشــە نابێت لەسەر دابەزینی ئاستتان ؟**

- بــە تەئکید ئەگەر پاڵەوانێتــی بەبەردەوامی ئەنجام نەدرێت، کاریگەریی دەبێت لەســەر ئاست و توانای یاریزانان،بۆیە ئاستی یاریزان دادەبەزێت، پێم باشە بەردەوام پاڵەوانێتی بۆ یاریزانان بکرێتەوە

*** وەك کچــە یاریزانێــك پێت باشــە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم یارییە چی بکرێت ؟**

- پێم باشە لە هەموو شارێك یاریگایەکی تایبەت هەبێت بە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان، یانەکانیش گرنگی بە تواناکانی ئاســتەکانی تەمەن بچووك بدەن، پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە بۆ پێشــکەوتنی زیاتری ئەم یارییە.

***کێشەو گرفتتان لەم یارییەدا چییە ؟**

-نەبوونــی یاریگای پێویســت بۆیاریزانان هەر چەندە یانەی ســلێمانی بە سوپاسەوە یاریگامان پێ دەدەن، تاکە یاریــگای یانەکەمان هی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە، کەچی تارتانی یاریگاکە هەمووی تەقیوە،کە بۆیاریزانان کێشــە دروســت دەبێت.بەداخەوە لە شاری سلێمانی وەکو شارەکانی هەولێرو دهۆك یاریگایەکی جوان و شایستەیی نیە لەم یارییە.

***خانەوادەکەت ڕێگری لە وەرزش کردنت ناکەن؟**

-نەخێرسوپاسی خانەوادەکەشم کە زۆر هاوکارمن لە وەرزشکردن.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ناوەوە ئەنجامی شایســتە بەدەســتبهێنم بگەمە لوتکەی ئەم یارییە لەکوردستان .

***لە هەڵبژاردەی عێراقی داوا نەکراویت؟**

-تاکو ئێســتا نەخێــر، بەڵام بــەردەوام دەبم لە کێبڕکێ کــردن تاکو دەبمە یاریزانی ســەرەکیی هەڵبژاردەکە.

***یانەی پێشمەرگەی ســلێمانی هاوکاریتان دەکەن؟**

-بەڵێ هــاوکاری بەردەوامی ئێمەن وتەواوی پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکەن .

***جگە لــە یاریی گۆڕەپــان ومەیدان چی یارییەکی دیکەت ئەنجام داوە؟**

-پێشتر یاریزانی تۆپی پێ بووم دواتر ڕووم لە یاریی گۆڕەپان ومەیدان کرد.

*** چــی بــەو ئافرەتانە دەڵێیــت کە وەرزش ناکەن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بێنە نێو وەرزشەوەو خزمەت بکەن .

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- سوپاســی بۆگۆڤــاری گــوڵان بەهیوای ســەرکەوتنم بۆ ئەم گۆڤارە خۆشەویســتە کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشــکارانی شارەکانی کوردستاندایە بەهەموو ئاستەکانیانەوە.سوپاسی مامۆستاکانیشم دەکەم لە قوتابخانە کاتی خۆی زۆر هاوکارم بوونە.

## هالک هەڕەشەی جێهێشتنی یانەی زێنێت دەکات

یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی زێنیت سان بترسبۆرگ رووسی هالك، هەڕەشەی رۆیشتنی لە یانەکەی کرد ئەگەر هاتوو پەیوەندی لەگەڵ راهێنەری یانەکە سبالێتی باش نەبێت.

هەفتەی رابردوو لە یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا راهێنەری یانەی زێنێت لە یارییەکی بەرامبەر یانەی ئەی سی میلان گۆڕانکاریی ئەنجامدا، کاتێك یاریزان هاڵك لە نێو یاریگا هێنا دەرەوە، ئەمەش یاریزانی ناوبراوی توورە کرد.

لە لێدوانێکی دا هالك گوتی: من و خێزانەکەم هەست بە خۆشی دەکەین لە رووسیا، بەڵام ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ راهێنەر باش نەبێت ئەوا لە گواستنەوەی زستانە یانەکە جێدەهێڵم رەنگە بچمە خولی ئیتاڵیاوە.

هاڵك تەمەن **٢٦** ساڵ، لەگەڵ هاتنی بۆ یانەی زێنێت تەنیا شەش گۆڵی تۆمارکردووە هەرچەندە ئەم یاریزانە جێگەی بایەخی یانەی چێڵسی و گەورە یانەکانی ئەوروپا بوو کاتێك لە یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی یاریی دەکرد.






## مانشینی: چوونە دەرەوەی مانچستەر لە خولی یانەکانی ئەوروپا سوودی هەیە

دوای ئەوەی یانەی مانچستەر سیتی لە خولی یانەکانی ئەوروپا لە قۆناغی یەکەمماڵئاوایی کرد، هەروەها نەیتوانی بچێتە جامی یەکێتیی ئەوروپا رەخنەیەکی زۆر ئارستەی راهێنەری یانەکە مانشینی کرا، لەمبارەیەوە لە لێدوانێکی دا رۆبێرتۆ مانشینی گوتی: چوونە دەرەوەی مانچستەر سیتی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هیچ کێشەیەك نییە، بەڵکو دەبێتە هۆکارێك بۆ پارێزگاریکردنی یانەکە لە نازناوی خولی ئینگلتەرە لە وەرزی ئەمساڵدا.

لە درێژەی قسەکانیدا مانشینی گوتی: راستە ئامانجی ئێمە نازناوی خولەکانی ئەوروپا بوو، بەڵام دەبێت بە لایەنێکی دیکەوە سەیری ئەم چوونە دەرەوەیە بکەین ئەویش سوود وەرگرتن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نازناوی خولی ئینگلتەرە بکەین.

لە کۆتایی قسەکانیدا مانشینی گوتی: ئێمە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئاستێکی باش پێشکەش دەکرد، بەڵام تووشی دۆڕان دەهاتین.



# مۆرینهۆ: میسی دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان

دوای تەواوبوونی یارییەکی نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی راهێنەری یانەی ریال مەدرید مۆرینهۆ لە لێدوانێکی دا گوتی: ئێستا بەفەرمی رادەگەیەنم، کە یاریزانی بەرشلۆنە میسی دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی ٢٠١٢، بەهۆی ئەم ریکلامە بەهێزە، کە لە لایەن ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهانەوە بۆ دەکرێت. لە درێژەی قسەکانیدا مۆرینهۆ گوتی: ئەگەر سەیری رووخساری ئەو کەسانە بکەیت، کە مافی دەنگدانیان هەیە، دەزانیت کە میسی دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان. جێگەی باسە هەریەکە لە یاریزانان میسی و کریستیانۆ رۆناڵدۆ و ئەنێستیا رکابەریی لەسەر نازناوی باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی ٢٠١٢ دەکەن.




# بەرازیلییەکی دیکە پەیوەندیی بە چێڵسییەوە دەکات

یانەی چێڵسی بەفەرمی هەواڵی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی لاوی بەرازیلی والاس بڵاوکردەوە.

کەتێیدا یاریزانی لاوی بەرازیل و یانەی فلۆمێنزی والاس لە سەرەتای وەرزی داهاتوودا پەیوەندیی بە یانەی چێڵسی دەکات، هەرچەندە بە پێی رێکەوتنەکە لە نێوان هەردوو یانە، یاریزانی ناوبراو لە گواستنەوەی زستانە دەبێتە یاریزانی یانەی چێڵسی، بەڵام راستەوخۆ ئەم یاریزانە دووبارە پەیوەندی بە یانە بەرازیلییەکە دەکات بەشێوەی خواستن تا کۆتایی ئەم ساڵە.

ئەم رێکەوتنە وەکو پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو یانە، کاتێك پێش دووساڵ یانەی چێڵسی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل دیکۆی فرۆشتە یانەی فلۆمێنێسی.

ئەمە پێنجەم یاریزانی بەرازیلیە پەیوەندی بە یانەی چێڵسی بکات دوای هەریەکە لە یاریزانان داڤید لویس، رامیرێز، ئۆسکار، لویس بیازۆن.



# گاگۆ یانەی ڤالێنسیا جێدەهێڵێت

دوای ئەوەی یانەی ڤالێنسیا بەفەرمی بڕیاری گۆڕینی راهێنەری یانەکە ماوریسیۆ بیلیگرینۆی دا، رۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاماژە بەڕۆیشتنی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین گاگۆ دەکەین لە یانەی ڤالێنسیا.

بە پێی رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، یاریزان گاگۆ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ راهێنەری پێشووی یانەکە ماوریسیۆ بیلیگرینۆ هەبوو، هەر لەگەڵ رۆیشتنی ئەم راهێنەرە راستەوخۆ گاگۆ داوای لە سەرۆك یانە کردووە دەستبەرداری بێت و لە کاتی گواستنەوەی زستانە روو لە یانەیەکی دیکەبکات.

هەرچەندە تا ئێستا یانەی ڤالێنسیا بەفەرمی تەئکیدی لەم جۆرە هەواڵە نەکردۆتەوە، بەڵام رۆیشتنی گاگۆ لە یانەکە نزیکە و رەنگە لە چەند رۆژی داهاتوودا بەفەرمی هەواڵەکە بڵاوبکرێتەوە.



# یانەی سیمێل ڕاهێنەرێکی ڕۆمانی دەهێنێت

داوی ماوەی مانگێك كاركردن لەگەڵ یانەی سیمێل راهێنەری رۆمانی ماریان بۆسەرپەرشتی كردنی یانەكە لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان، بەڵام بەهۆی هاتنی گرێبەستێك لە وڵاتی ئوردەن بۆ ڕاهێنەری ناوبراو دەستی لە مەشقی یانەكە هەڵگرت بە ڕەزامەندیی یانەی ناوبراو، بۆئەم مەبەستەش یانەی سیمێل گەیشتە ر ێكەوتن لەگەڵ راهێنەرێكی دیكەی رۆمانی پیشەگەر كە ئەویش هەر لە وڵاتی سوریا مەشقی یانەكانی داواتەوە، لە ئێستاشدا یانەی سیمێل بەفەرمی گەیشتە رێكەوتن لەگەڵ ڕاهێنەری رۆمانی (راوتان جون ) كە پێشتر لەگەل یانە عەرەبییەكان كاری كردووە، لەم بارەشەوە بەشیر سەبری سەرۆكی یانەی سیمێل گوتی « ئێمە هەر چەندە لەگەڵ ماریانی رۆمانی قسەمان كردبوو بۆئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەكەمان بكات، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە ئێمە هیچ گرێبەستێكی فەرمیمان لەگەڵی مۆرنەكردبوو، لەبەرئەوەی ئەو ماوەیەی كە لەگەڵ ئێمە بوو هیچ بۆندێك لە نێوانمان نەبووە، بۆیە لە چەند رۆژی رابردوودا ماریان گرێبەستێكی لە یانەیەكی ئوردەنی بۆهاتووە، چۆتە ئوردەن ئێمەش لە شوێنی ئەو لە رێگای ساڵح جابری یاریزانی یانەی زاخۆ گرێبەستمان لەگەڵ ڕاهێنەرێكی دیكەی رۆمانی (راوتان جون)مۆركردووە بۆئەوەی مەشقی یانەكەمان بگرێتە ئەستۆ، گرێبەستەكەشی بۆ یەك وەرزە، لە بارەی بڕی گرێبەستەكەی سەرۆكی یانەی سیمێل ئامادەنەبوو بڕی گرێبەستەكەی ئاشكرا بكات گوتی گرێبەستێكە لەگەل موچەیەكی مانگانە سەرپەرشتی یانەكە دەكات، جێگای ئاماژە پێكردنە راوتان لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی سوریا و یانەی حەتینی سوری و یانەی ئیتفاقی سعودی كاریكردوە خاوەنی ئەزمونێكی باشە لە كاری ڕاهێنەری.ئەم وەرزەشە.

# کچانی قەڵا بوونە پاڵەوانی بەرز کردنەوەی قورسایی کوردستان

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بەمەبەستی زیاترخزمەتکردنی یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی لە شارەکانی کوردستان و گرنگیدانی زیاتر بە ئاستی کچانی شارەکانی کوردستان، بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و بەچاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و لەهۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری لە هەولێری پایتەخت، بەبەشداری ٤٦ یاریزان لە ١١ یانەی شارەکانی کوردستان، کە کێبڕکێیان دەکرد لەسەر حەفت کێشی جیاواز بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە، لە پاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن،ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەیە بوو.

ئاستی یانەکان

١-یانەی قەڵا ٥٣٠خاڵ

٢-یانەی باباگوڕگوڕ٥٢٦خاڵ

٣-یانەی ئافرەتانی هەولێر٤٦٠خاڵ

ئەنجامی کێشەکان

کێشی ٤٨کگم

١-ئیناس موحسین لە یانەی قەڵا

کێشی ٥٣کگم

١-ئیسرا موحسین لە یانەی قەڵا

کێشی ٥٨کگم

١-ئاوشین موحسین لە یانەی قەڵا

کێشی ٦٣کگم

١-سۆزان نەجم لە یانەی باباگوڕگوڕ

کێشی ٦٩کگم

١-سارە حوسێن لە یانەی ئارارات

کێشی ٧٥کگم

١-باخان جومعە لە یانەی ئارارات

کێشی +٧٥کگم

١-ئەسماعەبدولکەریم لە یانەی باباگوڕگوڕ





## بۆ یەکەم جار کوردێک دەبێتە سەرۆکی لەشجوانیی ئاسیا

هەر چەندە یەکەم جارە لەمێژووی وەرزشی کوردستان کوردێك لە یەکێك لە یارییە وەرزشییە جیهانییەکان ببێتە سەرۆکی یەکێتیی لەش جوانی ئاسیا، لە رۆژانی ڕابردووشدا لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی یەکێتیی وابای جیهانی بۆیاریی لەش جوانی ئامادەی پاڵەوانێتیی وابای یاریزانانی کوردستان بوون کە لە پایتەختی کوردستان بەڕێوەچوو، کوردستانیش لە پاڵەوانێتییەکە سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێنا، هەر بۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا یەکێتیی وابای جیهانی بڕیاری ئەوەی دا کەوا ئەحمەد ڕامبۆ کەسایەتی وەرزشوانی لەش جوانی شاری هەولێر بکاتە سەرۆکی یەکێتی وابای ئاسیا، لەم بارەشەوە ئەحمەد ڕامبۆ بۆ گۆڤاری گوڵان روونی کردەوە : دوای کۆبوونەوەی یەکێتیی وابای جیهانی لە شاری هەولێر بڕیاری ئەوەیاندا کە من بکەنە سەرۆکی یەکێتیی وابای ئاسیا، بۆیەکەم جاریشە من وەکو کوردێك ئەو پۆستە وەربگرم، گوتیشی ئەم وابایە تەنیا لە ئەورووپایە هێشتا بەتەواوی نەهاتۆتە ئاسیا چەند یەکێتییەکیان هەیە لە هندستان و ژاپۆن و چەند ناوچەیەکی دیکە،منیش هەریەك لە وڵاتانی عێراق و ئێرانم کردە ئەندام لە یەکێتییەکە و بەرنامەشم هەیە گرنگیی زیاتر بەم یەکێتییە بدەم لە ئاسیا وبارەگای ئەم یەکێتییە لە شاری هەولێر دەبێت بەرنامەی تایبەتیشم دەبێت بۆکوردستان.



## سلێمانی ڕاهێنەرێکی نوێ دیاری دەکات

دوای ئەوەی یانەی سلێمانی لەشەش یاری لە خولی بژاردەکانی یانەکانی عێراقی نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت، بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لە خولەکەدا، بۆیە ڕاهێنەری پێشووی یانەکە خەسرۆ گورون دەستی لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکە کێشایەوە، لە شوێنی ئەویش یانەی سلێمانی بڕیاری دا کە باسم قاسم ڕاهێنەری پێشووی هەریەك لە یانەکانی دهۆك و زاخۆ و شورتە بکاتە ڕاهێنەری یانەکەی و بۆ ئەوەی تیپی تۆپی یانەی سلێمانی لە خولی بژاردە هەستێتەوە سەرپێ و هاندەرانی ئاشت بکاتەوە کە لەشەش یاریی ڕابردوو تەنیا یەك خاڵی بەدەستهێناوە،لەم بارەشەوە مەلا جەبار ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی بەگۆڤاری گوڵانی گوت: ئێمە بەمەبەستی باشتر بوونی ئەنجامی یانەکەمان لەخولی بژاردەی یانەکانی عێراقی، کە ئەمساڵ توانیومانە دووبارە بگەڕێینەوە خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی، بۆیە لەشەش یاریی ڕابردوو نەمانتوانی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین، بۆیە لە شوێنی خەسرۆ گورونی ڕاهێنەری یانەی سلێمانی باسم قاسمان کردە ڕاهێنەری یانەکە وگوتیشی خەسرۆ گورون لە یانەکەمان دەمێنێتەوە وەکو یاریدەدەری باسم قاسم، گوتیشی لەم بڕوایەدام بتوانین ئاستی تیپەکەمان لە خولی بژاردە بەرەو پێش ببەین.